ئایا هەواڵتان پێ نەدەم دەربارەی باشترینتان و خراپترینتان؟

لە ئەبو هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وەستا لەلای کۆمەڵە خەڵکێك کە دانیشتبوون، وفەرمووی: «ئایا هەواڵتان پێ نەدەم دەربارەی باشترینتان و خراپترینتان؟»، ئەبو هورەیرە دەڵێت: ئەوان بێدەنگ بوون، سێ جار ئەو قسەیەی دووبارە کردەوە، پاشان پیاوێک ووتی: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا (پێمان بڵێ) سەبارەت بە باشترینمان و خراپترینمان، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «باشترینتان ئەو کەسەیە کە هیوای خێری لێ دەکرێت و خەڵکی لە شەڕی پارێزراون، و خراپترینتان ئەو کەسەیە کە هیوای خێری لێ ناکرێت و خەڵکی لە شەڕی پارێزراو نین».

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەلای کۆمەڵێک لە هاوەڵانی وەستا کە دانیشتبوون، و پرسیاری لێکردن: ئایا هەواڵتان پێ نەدەم و بۆتان باس نەکەم سەبارەت بەوەی کێ باشترینتانە و کێ خراپترینتانە؟ ئەوانیش قسەیان نەکرد و هیچ وەڵامێکیان نەدایەوە، لە ترسی جیاکردنەوەی باشترین و خراپترینیان و ترسان لە ئابڕووچوون؛ بۆیە بێدەنگ بوون. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سێ جار پرسیارەکەی دووبارە کردەوە، پیاوێک لە ئەوان وەڵامی دایەوە: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا، هەواڵمان پێبدە سەبارەت بە باشترینمان لە خراپترینمان. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆی ڕوون کردنەوە: باشترینتان ئەو کەسەیە کە ئومێدی چاکەی لێ دەکرێت، و چاکەکاری لێ چاوەڕوان دەکرێت، و خەڵکی لە شەڕی ئەو پارێزراون، و لە ستەم و خراپە و زۆرداری ئەو ناترسن، و خراپترینتان ئەو کەسەیە کە ئومێدی چاکەی لێ ناکرێت، و چاوەڕوانی لێ ناکرێت کە چاکەکار بێت، و خەڵکی لە شەڕی پارێزراو نین، بەڵکو لە ستەم و خراپە و زۆرداری ئەو دەترسن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66254